وەزارەتـی نـــاوخــۆ

ئـیدارەی گــەرمیـان

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان

ژمارە : 2624

ڕێکەوت : 6 / 8 / 2024

---

بانگهێشتی گشتی

**کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.20- 2023) تەندەری پرۆژەی**

**( نۆژەنکردنەوەی تۆڕی کارەبای گڵاڵکەوەیەکان/ کەلار ) بۆ جاری سێیەم**

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە**

ئاگــــاداری ســــەرجەم بەڵێنـــــدەر و کۆمپانیاکـــــان دەکەیـــــنەوە کە تەنـــــدەر ی پــــرۆژەی نــــاوبراوی ســــەرەوە هەیە , کە ئامـــادەکراوە لە لایەن ( بەڕێــــوەبەرایەتی دابەشـــکردنی کارەبـــای کەلار ) , لەســـەر بــــودجەی ڕێـــژەی 8%ی داهـــاتی دابەشـــکردنی کارەبـــای کەلار جێبەجـــێ دەکرێـــت , هەرکەس ئـــارەزووی بەشـــداری کردنـــی هەیە بـــا ســـەردانی ب.ژمێریـــاری لە دیـــوانی ئیـــدارەکەمان بکـــات بەمەبەســـتی وەرگرتنـــی تەنـــدەر . مـــاوەی جـــێ بەجێکردنـــی پرۆژەکە (45) چل و پێنج ڕۆژی تقویمی یە.

- ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە حکومی یەکان ژمارە(2) ساڵی (2016) جێ بەجێ دەکرێت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .
- وەرگرتنـــی تەنـــدەر لە ڕۆژی ( پێـــنج شـــەممە 8 / 8 /2024)ەوە دەســـت پـــێ دەکـــات تـــا ڕۆژی (پێـــنج شـــەممە 22 / 8 / 2024) کاتژمێر ( 9 )ی سەر لە بەیانی تا ( 11:00 ) ی پێش نیوەڕۆ لە ئیدارەی گەرمیان بەرامبەر بە ( 100,000) سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .
- دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (یەک شەممە 25 / 8 / 2024) کاتژمێر (11:00 )ی پێش نیوەڕۆ یە و ڕۆژی ئاشکرا کردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر (11:15)ی پێش نیوەڕۆ یە و لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
- ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.
- بەشداربوان بۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەك لەسەر تەندەری پرۆژەکە دەتوانن سەردانی ئیدارەی گەرمیان بکەن .
- مەرجەکان:

1- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان ( 2 تا 9 ) بێت وە پێناسی وەزارەتی پلان دانان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.

2- بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر ( التعهد الخطي الضامن ) بەپێی وێنەی هاوپێچ لە بەڵگەنامەکانی تەندەر دا هەیە پێویستە لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر پڕ کرابێتەوە لەلایەن پێشکەش کاری تەندەر وە مۆر وواژۆی لەسەر بێت و پەسەند کرابێت لەلایەن فەرمانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان.

3- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (90) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .

4- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان یان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاسایان نیە .

5- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (2024) یان هەبێت .

6- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سپاردن بۆ بەرژەوەندی گشتی بە هۆکاری پێویست هەڵبووەشێنێتەوە .

7- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

**رامیار عبدالرحمن احمد**

**سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان/بەوەکالەت**